# بەمەبەستی خستنەڕووی ئاکامەکانی سێهەمین کۆنگرە، شاندێکی حزبی رزگاریی کوردستان سەردانی لایەنە سیاسیەکان دەکات

## لەسەردانی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان دا

کاتژمێر10.30ی رۆژی 5-1-2010 شاندێکی سەرکردایەتی حزبی رزگاریی کوردستان کە پێکهاتبوو لە هەڤاڵان رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی، عومەر حەسەن ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئاری حوسێن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ماموٚستا محەمەد سلێمان جێگری کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندن سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستانیان کردو لەلایەن بەڕێزان مام خدر روسی سکرتێری گشتی، خەلیل باپیر و خەلیل مەحمود ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، هاوکار یاسین و نەهرۆ جەلال و قەهار محەمەد ئەندامانی سەرکردایەتی بەگەرمیەوە پێشوازیان لێکرا.

شاندی حزبی رزگاریی کوردستان ئاکام و بڕیارەکانی سێهەمین کۆنگرەی بۆ سەرکردایەتی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان روونکردنەوە، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە پەیامی پیرۆزباییان بۆ کۆنگرە ناردبوو، سوپاسی کردن، جەختی لەسەر قوڵکردنەوەو پتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوان رزگاری و بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان کردەوە، دواتر مام خدر روسی سکرتێری گشتی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرەی لێکردن و دووپاتی کردەوە کە ئەوان بە خۆشحاڵیەوە درێژە بە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ حزبی رزگاریی کوردستان دەدەن، هەوڵیش دەدەن لە داهاتوودا زیاتر گەشەی پێبدرێ و قوڵتر بکرێتەوە.

پاشان سەبارەت بە رەوشی هەنووکەیی باشووری کوردستان و خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق راگۆڕدرایەوە، هەردوولا هاوڕابوون کە یەکریزی کوردستانیان مەرجی مسۆگەرکردنی مافەکان و پاراستنی هەرێمی کوردستانە، بەوهۆیەوە دەبێ پشتیوانی لێبکرێ و بپارێزرێت.

## لە سەردانی مەکتەبی پەیوەندیەکانی کوردستانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا

کاتژمێر 10ی رۆژی 10-1-2010 شاندێکی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان کە پێکهاتبوو لە هەڤاڵان رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی، عومەر حەسەن و حەکیم عەلی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، ئاری حوسێن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان و کاروان حەمەسالح ئەندامی مەکتەبی پەیوەندیەکان، لە شاری سلێمانی، سەردانی بارەگای مەکتەبی پەیوەندیەکانی کوردستانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان کردو لەلایەن بەڕێزان کاک مەحمودی حاجی سالح بەرپرسی مەکتەب، کاک بەهجەت و ماموٚستا عومەر ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندیەکان پێشوازیان لێکرا، لە دیدارێکی دۆستانەدا لە ئاکامەکان و بڕیارەکانی سێهەمین کۆنگرەی حزبی رزگاری کرا کە رۆژی 1-1-2010 کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنابوو. هەروەها شاندی حزبی رزگاری سوپاسنامەی سێهەمین کۆنگرەی بە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان راگەیاندو هیوای خواست کە پەیوەندی نێوان نێوان رزگاری و یەکێتی نیشتمانی زیاتر گەشەی پێبدرێ، لەلایەن خۆشیانەوە بەڕێز کاک مەحمودی حاجی سالح بەبۆنەی سەرکەوتنی کۆنگرەوە پیرۆزبایی لێکردن و جەختی لەسەر پەیوەندی نێوان لایەنە کوردستانیەکان بە تایبەتیش حزبی رزگاری و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردەوە. لە تەوەرێکی دیکەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان، بەتایبەتیش خۆ ئامادەکردنی کوردستانیان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق کراو هیوایان خواست کە کوردستانیان یەکدەنگ بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بکەن.

## لە سەردانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دا

کاتژمێر 11ی رۆژی یەکشەممە، 10-1-2010 شاندێکی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان کە پێکهاتبوو لە هەڤاڵان رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی، عومەر حەسەن و حەکیم عەلی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، ئاری حوسێن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان و کاروان حەمەسالح ئەندامی مەکتەبی پەیوەندیەکان، لە شاری سلێمانی، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی کردو لەلایەن بەڕێزان فەتاح زاخۆلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ماموٚستا نەسروڵلا و مام جەوهەر ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە گەرمیەوە پێشوازییان لێکرا، سەرەتا شاندی حزبی رزگاری بە ناوی سێهەمین کۆنگرەوە سوپاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی کرد کە پەیامی پیرۆزباییان بۆ سێهەمین کۆنگرە رەوانە کردبوو، ئەوسا سەبارەت بە ئاکام و بڕیارەکانی کۆنگرە دوا. هاوڕێیانی حزبی زەحمەتکێشانیش وێڕای ئەوەی جارێکی دیکە بەبۆنەی کۆتایی هاتن و سەرکەوتنی کۆنگرە پیرۆزباییان لە حزبی رزگاریی کوردستان کردو هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی زیاتریان بۆ خواستن، هەروەها جەختیان لەسەر پەیوەندی نێوان هەردوو حزبی رزگاری و زەحمەتکێشان کردەوەو وەبیریان هێنایەوە کە ئەو دوو حزبە پێشینەی دێرینەیان لە پەیوەندی و کاری هاوبەش هەیە، بەوهۆیەوە هەوڵی بەرەو پێشەوەبردنی پەیوەندیەکان دەدەن. دواتر لە تەوەرێکی دیکەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان کرا.

## لەسەردانی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستاندا

کاتژمێر15.30ی رۆژی 9-1-2010 شاندێکی حزبی رزگاریی کوردستان پێکهاتبوو لە هەڤاڵان رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی، عومەر حەسەن ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئاری حوسێن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ماموٚستا محەمەد دۆسکی جێگری کۆمیتەی ناوەندی سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانیان کردو لەلایەن بەڕێزان کاک شاخەوان خالید ئەندامی مەکتەبی سیاسی، عەبدوڵلا عەدۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان و کاک سەردار دیبەگەیی ئەندامی مەکتەبی پەیوەندیەکان بەگەرمی پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکی برایانەدا شاندی رزگاری ئاکامەکانی سێهەمین کۆنگرەی بۆ روونکردنەوە و سوپاسی کردن کە پەیامی پیرۆزباییان بۆ کۆنگرە رەوانەکردبوو، وێڕای ئەوەش جەختیشی لەسەر پەیوەندی نێوان رزگاری و یەکێتیی نەتەوەیی کردوە، هەڤاڵانی یەکێتیی نەتەوەیی خۆشحالی خۆیان بۆ سەرکەوتنی کۆنگرە دەربڕی و هیوای سەرکەوتنیان بۆ ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆمیتەی ناوەندی خواست و جەختیان لەسەر پتەوکردنی پێوەندی نیوان یەکێتی نەتەوەیی و حزبی رزگاریی کردەوە.

## لەسەردانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێراندا

کاتژمێر 15ی رۆژی 23-1-2010 شاندێکی سەرکردایەتی حزبی رزگاریی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی، عومەر حەسەن ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئاری حوسێن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان سەردانی بارەگەی دەفتەری سیاسی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانی کردو لەلایەن بەڕێزان بابەشێخ حوسێنی سکرتێری گشتی، سەید کامل نورانی فەردو عەلی بەهرامی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەگەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، لە دیدارێکی برایانەدا شاندی میوان سەرەتا سوپاسنامەی سێهەمین کۆنگرەی حزبی رزگاریی کوردستانی بە رێبەرایەتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران راگەیاند بەهۆی ئەوەی کە پەیامی پیرۆزباییان بۆ سێهەمین کۆنگرە رەوانە کردبوو، هەروەها وردەکاریەکانی ناو کۆنگرەی پێڕاگەیاندن و جەختیشی لەسەر پێوەندی نێوان حزبی رزگاری و سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران کردەوە. هەروەها شاندی سازمانی خەبات جارێکی دیکە پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرەی لە حزبی رزگاریی کوردستان کردو هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی زیاتری بۆ خواستن و نیگەرانی خۆشیان سەبارەت بە دیاردەی لەتبوون و هاوێربوون دەربڕی کە ئێستا هێزە سیاسیەکانی کوردستانی گرتۆتەوە، ئەوەشیان بە زیانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لێکدایەوە، هەروەها هیوایان خواست کە ئەم قۆناغەش تێپەڕبێ و جارێکی دیکەش هێزە هاوێربووەکان بچنەوە پاڵ یەک. هەروەها جەختیان لەسەر پتەووکردن بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان حزبی رزگاریی کوردستان و سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران کردەوە.

لەتەوەرێکی دیکەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان و ناوچەکە کرا، هەردولا هیوایان خواست کە کوردستانیان بە سەرکەوتوویی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق تێپەڕبکەن و یەکهەڵوێست نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان بکەن.

## لە سەردانی پارتی پارێزگارانی کوردستان دا

کاتژمێر 12ی رۆژی 10-1-2010 شاندێکی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان کە پێکهاتبوو لە هەڤاڵان رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی، عومەر حەسەن و حەکیم عەلی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، ئاری حوسێن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان و کاروان حەمەسالح ئەندامی مەکتەبی پەیوەندیەکان، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی پارێزگارانی کوردستانی کرد لە شاری سلێمانی، لەلایەن بەڕێزان ماموٚستا مشیر ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان، بەهائەدین مەحمود جێگری بەرپرسی مەکتەب و محەمەد سورچی ئەندامی سەرکردایەتی و سەدیق محەمەد مستەفا و شێخ فایەق ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندیەکان بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکرا. سەرەتا شاندی حزبی رزگاری سوپاسی پارتی پارێزگارانی کرد کە پەیامیان بۆ سێهەمین کۆنگرە رەوانە کردبوو، دواتر روونکردنەوەیەکی تێروتەسەلی سەبارەت بە کارو بڕیارەکانی کۆنگرە پێشکەش بە هەڤاڵانی پارتی پارێزگاران کرد، ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە سەردانەکەی شاندی حزبی رزگارییان بەرزنرخاند، بەبۆنەی سەرکەوتنی کۆنگرە جارێکی دیکە پیرۆزباییان لێکردن و هیوایان خواست کە سەرکردایەتی هەڵبژێردراوی سێهەمین کۆنگرە بتوانی سەرکەوتوانە ئەرکەکانی خۆی راپەڕێنێ و پەیوەندیەکان لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان، بەتایبەتیش لەگەڵ پارتی پارێزگارانی کوردستان گەشەپێبدات. هەروەها هەڤاڵانی پارتی پارێزگاران ئامادەیی خۆیان بۆ هەرجۆرە کارێکی هاوبەش لەگەڵ حزبی رزگاریی کوردستان دووپات کردەوە. لە تەوەرێکی دیکەی دیدارەکەدا رەوشی هەنووکەیی باشووری کوردستان قسەی لەسەرکراو هەردوولا هاوڕامان بوون کە دەبێ کوردستانیان بە گوڕوتینێکی زۆرەوە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن و دەنگ بەو کاندیدە بدەن کە خۆیان بە باشترینی دەزانن.

## لە سەردانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا

کاتژمێر11ی رۆژی 25-1-2010 شاندێکی حزبی رزگاریی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی، عومەر حەسەن ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئاری حوسێن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان و کارزان شێخ محەمەد جێگری کۆمیتەی ناوەندی سەردانی بارەگەی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانیان کردو لەلایەن بەڕێزان خالیدی عەزیزی سکرتێری گشتی، مستەفا مەولودی جێگری سکرتێر، حەسەنی راستگارو کەمالی کەریمی ئەندامانی دەفتەری سیاسی بەگەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکی برایانەدا شاندی حزبی رزگاری لەپێوەند بە ناردنی پەیامی پیرۆزبایی بۆ سێهەمین کۆنگرە سوپاسی حزبی دیموکراتی کورستانی کرد، هەروەها بڕیارنامەی کۆنگرە سەبارەت بە پتەوو قوڵکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی پێڕاگەیاندن، ئەوسا بەشێک لە وردەکاریەکانی ناو سێهەمین کۆنگرەی حزبی رزگاری پێگەیاندن، شاندی حزبی دێموکراتی کوردستانیش وێڕای بەخێرهێنان جارێکی دیکە بەبۆنەی تەواوبوونی کارەکانی سێهەمین کۆنگرە پیرۆزباییان لە حزبی رزگاری کردو هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواستن و پەیوەندی دێرینی نێوان هەردوولا وەبیرهێنایەوە.

لەتەوەرێکی دیکەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان ، هەروەها ئەگەر و شیمانەی بەکردەوەکردنی ئەو دروشمانە کران کە لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لە پێناویدا تێدەکۆشن.

لە کۆتاییدا هەردوولا جەختیان لەسەر بەهێزکردن و پتەوکردنی نێوانیان کردەوە.

## لە سەردانی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازاندا

کاتژمێر 11ی رۆژی 21-1-2010 شاندێکی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان عومەر حەسەن ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئاری حوسێن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان و ماموٚستا محەمەد سلێمان ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندن سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستانیان کرد لە شاری هەولێر، لەلایەن بەڕێزان حاجی مەلا سەعید سکرتێر و کاک شوکروڵلا جێگری سکرتێر و چەتۆ بەڕانەتی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کاک کەریم ئەندامی مەکتەبی پەیوەندیەکان بەگەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، سەرەتا شاندی حزب سوپاسی دیموکراسیخوازانیان کرد بەهۆی ئەوەی کە بروسکەی پیرۆزباییان بۆ سێهەمین کۆنگرە ناردبوو، هەروەها وردەکاریەکانی ناو سێهەمین کۆنگرەی حزبیان بۆ باسکردن ق جەزتیشیان لەسەر بەردەوامی و بە هێزکردنی پەیوەندیەکان کردەوە، شاندی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانیش جارێکی دیکە بەبۆنەی سەرکەوتنی کۆنگرە پیرۆزباییان لە حزبی رزگاری کردو هیوای پێشکەوتنیان بۆ خواستن، هەروەها پتەوکردنی پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستانیان بە گرنگ و پێویست داناو جەختیان لەسەر قوڵکردنەوەی پەیوەندیەکان کردوە. لە تەوەرێکی دیکەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان و ناوچەکە کرا.